# مرۆڤایەتی لەگەڵ کێشەی منداڵانی سەرشەقام ڕووبەڕوو دەبێتەوە



زۆربوونی ڕێژەی ئەو منداڵانەی کە لە جیهاندا لەسەر شەقامەکاندا ژیان بەسەر دەبەن، یەکێکە لە کێشە هەر گەورەو ترسناکەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی. بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان، ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی منداڵپارێزی ساڵانە هەوڵ و کۆششی خۆیان چڕ دەکەنەوە، گفتوگۆ دەکەن، گەڵاڵەڕێژی دەکەن و بەرنامەی تایبەت دادەڕێژن، بەڵام هێشتا نەک هەر هەنگاوەکانی چارەسەرکردن بە ناکامی ماونەتەوە، بەڵکو ساڵ دوای ساڵ ڕێژەی ئەو منداڵانەی کە بەناچارییەوە دەکەونە سەر شەقامەکان بەرزتر دەبێتەوە. زۆربەی ئەو منداڵانەی کە پەنا بۆ شەقامەکان دەبەن ،بریتین لە منداڵانی خێزانە هەژارەکان، یان ئەوانەی دایک و باوکیان لەیەکتر جیابوونەتەوەو بێ پەناگە ماونەتەوە، یاخود ئەوانەی بە هۆی شەڕ و کارەساتەوە سەرپەرستیان لەدەست داوە، هەندێکی دیکە ئەوانەن کە لەلایەن باندەکانی بازرگانیکردن بە منداڵانەوە ڕفێندراون و دواتریش ڕەوانەی سەر شەقامەکان کراون.

بەپێی زانیارییەکان، لە وڵاتی هیندستان زیاتر لە یازدە ملیۆن منداڵ لەسەر شەقامەکاندا دەژین، بەوهۆیەشەوە بەرزترین ڕێژەی منداڵانی سەر شەقام لەو وڵاتەدا هەیە، هەروەها لە هەریەک لە وڵاتی میسرو پاکستاندا نزیکەی دوو ملیۆن منداڵ، لە ئەمریکا یەک ملیۆن، لە کینیا سێ سەد هەزار، لە فلیپین دوو سەدو پەنجا هەزار، لە مەغریب دوو سەدو پەنجا هەزار و لە وڵاتی ئەفغانستان و عێراقیشدا دەیان هەزار منداڵ لەسەر سەقامەکاندا ژیان بەسەر دەبەن، بەڵام سەرژمێری باوەڕپێکراو لەبەردەست ڕێکخراوەکاندا نیە، هەرچەندە ئەو دوو وڵاتەش بەهۆی شەڕو پێکداداندا هەزاران منداڵ بێسەرپەرست ماونەتەوەو بە ناچارییەوە بەرەو شەقامەکان ڕۆیشتوون.

سەرچاوە ئاگادارەکان پێیانوایە ئەو منداڵانەی لەسەر شەقامەکاندا دەژین تەمەنیان لەنێوان ٥ تا ١٧



ساڵی دایە و ژمارەشیان لە هەموو چیهاندا نزیکەی دووسەدو پەنجا ملیۆن منداڵ دەبێ. هەندێک لەوان کە بە هەژدە ساڵیش دەگەن، هەر لەسەر شەقامدا دەمێننەوە، بەڵام ئەوکاتە بەمنداڵ پێوانە ناکرێن.

زۆربەی ئەو منداڵانەی کە ڕەوانەی سەر شەقامەکان کراون، دووچاری ئازارو ئەشکەنجەو دەردەسەری دەبنەوە، ژمارەیەکی زۆر لەوان بەهۆی کاری گرانەوە گیان لەدەست دەدەن یان لە داوی قاچاخچی و باندەکانی مادە هۆشبەرەکان دەکەون و تیا دەچن. هەندێکیان لەلایەن باندی تایبەتەوە رادەگیرێن و سواڵیان پێدەکەن، زۆرێک لەو منداڵانە دەستدرێژیان دەکرێتەسەرو شکۆو پیرۆزییان لەژێر پێ دەندرێ. هەندێکی دیکە بەدەستگێڕی و کۆڵبەری بژێوی خۆیان دابین دەکەن. لەهەموو حاڵەتەکاندا ئەو منداڵانە لەگەڵ سەختی و گرفتەکانی ژیاندا ڕووبەڕوو دەبنەوە، لە بێهداشت و لەشساغی بێبەش دەکرێن. بواری پێشکەوتنیان لێدادەخرێ.

لە شارەکانی باشووری کوردستانیشدا منداڵان لە سەرشەقامەکاندا بەرچاو دەکەون، بەڵام کۆمەڵی کوردەواری هێشتا سۆزو بەزەیی تێدا بەرزە، بۆیە ئەو منداڵانە لەلایەن خێزانی دیکەوە پەنا دەدرێن و بەخێو دەکرێن. بێگومان سەختی بژێوی خێزانە هەژارەکان وایکردوە کە ژمارەیەکی زۆر لە منداڵانی باشووری کوردستان بە ناچارییەوە ڕۆژانە لەسەر شەقامەکاندا بگوزەرێنن و دەستفرۆشی بکەن.

ئێمە مەبەستمان بوو ریپۆرتاژێک سەبارەت بە منداڵانی سەر شەقام، چ ئەوانەی بێ پەناگەن و چ ئەوانەیشی کە لەسەر شەقامەکاندا کار دەکەن ئامادە بکەین، بەڵام بینیمان ماڵپەڕی ئاکانیوز راپۆرتێکی لەو بارەیەوە بڵاو کردۆتەوە، بۆیە بەباشمان زانی دەقی ئەو راپۆرتە لەگەڵ ئەم نووسینەدا تێکهەڵکێش بکەین. لە راپۆرتەکەی ئاکانیوزدا هاتووە:

{بەشێکی زۆری ئەو منداڵانەی لەسەر شەقامەکان بەکاری دەستفرۆشییەوە خەریکن لە خوێندن بێبەش کراون، تەنانەت بەکارهێنانی منداڵان بۆ هەندێک کاری نەشیاو و ئەنجامدانی تاوانی نابەجێ بوونی هەیە، چالاکوانێکی بواری



پەروەردەکردنی منداڵیش دەڵێت: لە هەرێمی کوردستاندا چواردە هەزار منداڵی سەرشەقام هەن کە تەمەنیان لە نێوان ٩ تا ١٨ ساڵدایە.

ئەگەرچی لە جارنامەی مافی مرۆڤدا هاتووە: منداڵ وەک مرۆڤێکی ناسک و بێ گەرد سەیر دەکرێت و نابێ بخرێتە ژێر ئەشکەنجە و ئازار و ناخۆشیەوە، دەبێ مافی پێ بدرێت و لە خوێندن بێبەش نەکرێت.

**شنە پێنجوێنی** چالاکوانی بواری پەروەردەکردنی منداڵان لە هۆڵەندا بۆ ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس (ئاکانیوز) گوتی: بەپێی ئامارێکی یونیسێف، لە کوردستان زیاتر لە ١٤ هەزار منداڵی سەرشەقام هەن و زۆربەیان لە تەمەنی (٩ تا ١٨) ساڵدان، لە وڵاتێکی وەک هۆڵەندا تەنیا ٧ هەزار منداڵی دەستگێر هەن، بەڵام لەلایەن پۆلیس و دەزگە حکومەتییەکانەوە هاوکاری دەکرێن، ئەویش بەشێوەیەک شوێنی حەوانەوە و خواردن و جلوبەرگ و پێداویستیی ژیان و خوێندنیان بۆ دابین کراوە.

ئەوەشی گوت: هەر بەپێی ئامارەکە لە هەموو دنیادا ١٠٠ تا ١٥٠ ملیۆن منداڵ لەسەر شەقامەکان کاری دەستفرۆشی دەکەن و دوورن لە خۆشەویستی و سۆزی دایک و باوکیان، ئەگەر ژیان بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ئەم ڕێژەیە تا ساڵی ٢٠٢٠ دەگاتە ٨٠٠ ملیۆن منداڵ، لەنێو هەر ١٠ منداڵیش یەکیان کچە.

ئەوەشی ڕوون کردەوە بەشێک لەو منداڵانە یان کاری دەستفرۆشی یاخۆ سواڵ دەکەن، کاتی گەڕانەوەشیان بۆ ناو خێزانەکەیان دەبێ ئەو پارەیەی پەیدایان کردووە بیدەنە دەست باوک و دایکیان، چونکە ئەو خێزانانە باری ئابوورییان جێگیر نییە، بۆیە ئەو منداڵانە دەکەونە سەرشەقام، بەمەش دوور دەکەونەوە لە خوێندنەگە.

ئەو چالاکوانەی پەروەردەکردنی منداڵ ئاماژەی بەوەش دا بەشی هەرە زۆری ئەو منداڵانە دوور لە سۆزی دایک و باوک و خزم و کەسیان ژیان بەسەر دەبەن و چاودێریی بەردەوامیان لەسەر نییە، بۆیە دەبێ حکوومەت یاسایەک دابنێت بۆ ئەوەی منداڵان نەبنە قوربانی.

**ئیسماعیل بەرزنجی** بەڕێوەبەری



ڕاگەیاندنی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ (ئاکانیوز) گوتی: ڕۆژانە ئەو تراژیدیایە دەبینین کە منداڵان بەسەر شەقامەکانەوەن و خەریکی دەستگێڕی و سواڵکردنن، زۆربەی ئەو منداڵانە بەدەست هەژاری و نەبوونی و خراپیی باری تەندروستییەوە دەناڵێنن.

بەرزنجی ئەوەشی گوت: وەک وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی ڕژدمان داوە بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە، ئەویش بەکردنەوەی دایەنگە و باخچەی ساوایان و ڕۆشنبیرکردنی دایکان و باوکان بەپەروەردەکردنی منداڵەکانیان، هەروەها ڕەوانەکردنیان بۆ قوتابخانە و دایەنگە و باخچەی ساوایان، بەڵام بەداخەوە زۆربەی دایک و باوکان گوێ بەڕێنوێنییەکان نادەن.

لەلایەکی ترەوە **ئاری یوسف** توێژەری کۆمەڵایەتی بڕوای وابوو ئەو منداڵانەی لەسەر شەقامەکان خەریکی کاری دەستفرۆشی یان سواڵکردنن، فێری کۆمەڵێک ڕەفتاری ناشیاو دەبن، لەوانەش درۆکردن، دزی، دەستدرێژیی سێکسی، توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی، ئەمانەش کاریگەرییان دەبێت لەسەر دوارۆژی ئەو منداڵە، بۆیە پێویستە لەسەر حکوومەت و وەزارەتی



ناوەخۆ ڕێوشوێنێک بۆ ئەم دیاردەیە دابنێن.

ئەوەشی ڕوون کردەوە ڕەنگە لەناو ئەو منداڵە دەستفرۆش و سواڵکەرانەدا کەسانی خاوەن بەهرە و سەلیقە هەبن، بەڵام هیچ لایەنێک نییە بۆ هەڵسەنگاندنیان، بەمەش دوارۆژێکی ڕەش چاوەڕوانی ئەو منداڵانەیە کە دەبنە مایەی بێزاری و ئازار بۆ خۆیان و وڵاتەکەشیان، چونکە منداڵ لە تەمەنی ٥ ساڵیدا بەردی بناخەی کەسایەتیی خۆی دادەڕێژێت، دوای ئەوەش بەردەوام پێویستیی بەچاودێری و سۆزی دایک و باوک هەیە.

لە لایەکی ترەوە **عەبدولخالق تەڵعەت** بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگەی هەولێر لەمبارەیەوە گوتی: ئێمە ناتوانین هیچ لێپێچینەوەیەک لەگەڵ ئەو منداڵە دەستگێڕانە بکەین، چونکە گرتنی هەر کەسێک دەبێ بڕیاری دادگەی لەسەر بێت.

ئەوەشی گوت: زۆر جار لەلایەن کەسانێک بازرگانی بەو منداڵانە دەکرێت و ئێمەش ناتوانین هیچ بکەین، چونکە منداڵی تەمەن ٩ ساڵ دادگە بڕیاری بۆ دەرناکات بگیرێت، ناشزانین ئەو کەسانە کێن کە بازرگانی بەو منداڵانە دەکەن و پارەیان پێ کۆ دەکەنەوە، بۆیە ئەم کێشەیە بەپۆلیس چارەسەر ناکرێت تا یاسایەکی تایبەتی بۆ دەرنەچێت.}

بێگومان بیرکردنەوە لە چارەسەکردنی کێشەی منداڵانی سەر شەقام بەتەنیا ئەرکی حکومەت و ڕێکخراوە خێرخوازیەکان نیە، بەڵکو ئەرکی هەر تاکێکی کۆمەڵگەیە کە لەلایەن خۆیەوە هۆشیاری بڵاو بکاتەوەو سەرپەرستیارانی منداڵان لە ئاکام و دوارۆژی ئەوان ئاگادار بکاتەوە.

**ڕۆژی گەل**

# ماڵپەڕی سورێن فایلی ژنێکی سیخور بەناوی نەسرین مەحمود بڵاو دەکاتەوە

ژنێکی کورد دانیشتووی شاری هەولێر کاتی خۆی سیخوری بۆ بەعس کردوە، لەم ڕۆژانەدا ماڵپەڕی سورێن بەشێک لە بەڵگەنامەکانی ئەو ژنەی بڵاو کردەوە، ئێمەش لە هەفتەنامەی ڕۆژی گەل بە پێویستی دەزانین ئەو بەڵگەنامانە چاپ و بڵاوبکەینەوە. هەوڵدەدەین لە ژمارەکانی داهاتووشدا بەڵگەنامەی زیاتر بڵاو بکەینەوە.







